www.kurdistannet.org

# جارێکیترداگیرکەران!!     ئەحمەد دەشتی

ئەمجارەش داگیرکەرانی کوردستان وا دەنگی زورنا و دەهۆلە دڕاوەکەیان وەک جاری جارانیان لێ درایەوە و دیسان ئەهریمەن و سیمای دڕندەیی شەڕیان لە پێناوی وەدیهێنانی هەستی ناپاک و گلاو و ملهوڕی داگیرکەرانەیان دژ بە کورد و کوردستان  دەربڕیەوە و ڕوی ناحەز و نالەباری خۆیان وا خەریکن کە ئەمجارەش لە سنوری بە زۆر داسەپاوەوە بۆ وەدیهنانی نیازی نەیارانەیان دژ بە ویست و خواستی گەلی عێراق و کوردستانی باشور دەر بخەنەوە ، وادیسان وەک هەزاران جاری تر خەریکن کە ژن و مندال و لاو و پیران بە خاک و خوێن بکێشنەوەو دیسان ئاوات و نیازەکانی گەلی کورد ئەمجارەش پوچ بکەنەوە و ئەم هەلەپیرۆزەی کە بۆ گەلی کورد هەلکەوتووە دیسانەکە هەمووی لەبار ببەن و خاکی پیرۆزەی کوردستان دیسان بە خاک و خوێن بکێشنەوە و بەخەیالی پوچ و گلاویان ئاوات و نیازە دێرینەکانی گەلی کورد لەناو بەرن و خوێنی هەزاران هەزار شەهیدانمان و ئەو هەموو کارەسات و ئازار و نەهامەتیانەی کەبەسەر گەلی کورد و کوردستان هاتوە هەمووی پێشێل بکەنەوەو کوردستان خاپورتر بکەنەوەو ئەم هەلە پیرۆزەی ئەمڕۆی کوردو کوردستان لە ناو بەرن.

گەلۆ دبێ کە ئەم خەیالەدیردنەی داگیرکەران ئەمجارەش بێتە دی؟دەبێ دیسان دوژمنانی لەمێژینەی کورد لەم رۆژگارانەی جهانگیریدا کە دژایەتی کردنی ترۆریستانی دونیا وا لە ئارا دایە و لەگەل بونی زلهێزێکی وەک ئمەریکا و بوونی ئەو هێزانە لەکوردستان و ئێراق دا تورک بکارن کەدەست بۆ گەلی کورد و کوردستان درێژ بکەن و کاری ترۆریستی و جنایەتەکانیان دژ بە کورد چەندبارەبکەنەوە ؟ من بەپێی بۆچوونی خۆم پێموایە هەرگیز نا ، تازەبەتازە جارێکی تر داگیرکەرانی کوردستان بە هیچ کلۆجێ نکارن کەدەست بۆ ئاوا جنایەتێک بەرنەوە،دەولەتێکی ئابوری روخاو و بەناو دۆستی ئەمەریکا و خاوەن ئەم هەموو گرفت و بگرەو بەردەیەی ناوخۆ کە هەیانە ناتوانێ کەلەم دەم و ساتە دا دەست بۆ ئەو کارە درێژ بکات و وا بەهاسانی خۆی لەو قەرایە بدات ، ئەمەجگەلەوەی کە بەزۆری زۆرداری ئەمەریکا نەبێت ، خۆ ئەگەر ویستی ئەمەریکاش بێت ئەوا پێم وایە کە پێشگیری لێ ناکرێت و ئەوسا ئەمەخودی ئەمەریکایەکە روبەرووی هەموو روداوێک و پرسیار و وەرامێک زیاتر دەبێتەوە.

ئەمرۆ ئەوەی کە زۆر گرنگە بەپێی بۆچونی من ئەویە کە دەبێ گەلی کورد لە هەموو ساتێک زیاتر بتوانێ ئەو پارسەنگەی کە تا ئەمرۆ رای گرتوە رای بگرێت و کارێکی وا نەکات کەریسمان لێ بکەنەوە بە خوری و دیسان بمانخەنەوە ناو داوەکانی ڕاوچیانی دیرۆکەوە.

ئەمرۆکە دەبێ کە گەلی کورد لە هەموو سات و ڕۆژگارێکەوە زیاتر وریابێت و چاک بزانێت کە داگیرکەران و نەیارانی مێژوو لە هەموو لایەکەوە داویان بۆ چنیوین و گورگە

**بۆرەو گورگەسۆرەو گورگەڕەشە هێشتان هەرکەلب تیژن و لە هەرچوار لاوە وا مرەیان دێت ، زاناو وریاو یەکگرتو نەبین کارمان لە کار دەترازێنن.**

**بەرلین** 15.10.2003